# ئینگلیزی وەك زمانێکی هاوبەش (ELF) و پێگەی لە زمانی کوردیدا

**محمد حسین احمد**

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، سلێمانی،هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمەوە ئینگلیزی تەنها وەك زمانێکی بەهێز بەردەوام نەبوو، بەڵکو بوو بە زمانێکی جیهانی و جیهانگیری و نێودەوڵەتی، بە جۆرێك ئێستا ئاخێوەرانی نابنەڕەتی زمانی ئینگلیزی زۆر لە ئاخێوەرانی بنەڕەت زیاترن. ئەم توێژینەوەیە دەچێتە خانەی کۆزمانەوانیی کارەکییەوە و هەوڵێکە بۆ ناساندنی چەمك و بنەماکانی میتۆدی "ئینگلیزی وەك زمانێکی هاوبەش" (ELF) و ڕۆڵی لە لێکنزیککردنەوەی ئەو بەکارهێنەرانەی زمانی ئینگلیزی، کە خاوەنی پاشخانی زمانی و نەژادی و کلتوریی جیاوازن و پێواژۆی پەیوەندیکردنێکی دروست بەڕێوەدەبەن. ئەنجامی توێژینەوەکە پشتبەست بە فۆرمێکی ڕاپرسیی (26) خاڵی، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە هەرچەندە بەکارهێنەران لە هەرێمی کوردستاندا ئاشنایەتی و شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەبارەی چەمك و بنەماکانی (ELF)ەوە نییە، بەڵام ڕەتیناکەنەوە، بگرە لە چەند پرسیارێکی ڕاپرسییەکەدا وەك هاوشانی "زمانی ستانداردی ئینگلیزی"، یان باشتر پەسنیدەکەن و بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی بە گونجاوتری دەزانن. تاکی کوردی ئینگلیزی-زمان پێیانوایە بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی کاریگەریی نەرێنی لەسەر کەمکردنەوەی بەها و ڕۆڵی زمانی کوردی هەیە، بەڵام زمانی کوردیش توانای ڕووبەڕووبونەوەی مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی هەیە و تا ڕادەیەك دەتوانێت لە بەرانبەریدا خۆی ڕابگرێت.

**کلیلە ووشەکان**-(ئینگلیزی وەك زمانێکی هاوبەش (ELF)، زمانی ستاندارد، ئاخێوەری بنەڕەت، ئاخێوەری نابنەڕەت)

## پێشەکی:

(1/ ناونیشان و بواری توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ئینگلیزی وەك زمانێکی هاوبەش (ELF) و پێگەی لە زمانی کوردیدا)، هەوڵێکە بۆ ناساندنی چەمك و بنەماکانی زاراوەکە و ڕۆڵ و کاریگەریی لەسەر ئەو ئاخێوەرە کوردانەی، کە بەکارهێنەری زمانی ئینگلیزین.

2/0) هۆ و ئامانجی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە: هەرچەندە لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمەوە تاکو ئێستا سەرنجی لێکۆڵینەوەکان بە تەواوی لەسەر بڵاوبوونەوە و بەرەوپێشچوونی زمانی ئینگلیزی چڕکراوەتەوە و مەترسی و دەرئەنجامەکانی لێکدراوەتەوە، بەڵام تاکو ئێستا لە زمانی کوردیدا (بەپێی زانیاریی توێژەر) وەك پێویست لێکۆڵینەوەی سەربەخۆی زانستی لەو بارەیەوە ئەنجامنەدراوە. بۆیە ناونیشان ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕووی چەمك و بوار و بنەماکانی میتۆدەکە لەخۆدەگرێت.

3/0( میتۆد و سامپڵی توێژینەوەکە: میتۆدی ئاماریی شیکاری لە بواری کۆزمانەوانیدا پەیڕەوکراوە. لە ڕێگەی(google form) ەوە ڕاپرسییەکی ئۆنلاینمان ئەنجامداوە، (135) بەشداربوو (ئاخێوەری کوردی ئینگلیزی-زان) وەك سامپڵی توێژینەوەکە فۆرمەکەیان پڕکردووەتەوە و ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربڕیوە.

4/0( کێشەی توێژینەوەکە: کێشەی توێژینەوەکە لە بۆتەی ئەو پرسیارەدا دەردەکەوێت، کە تاکی کوردی بەکارهێنەری زمانی ئینگلیزی تا چەند ئاشنایەتی و شارەزایی لە بارەی بنەما و تایبەتمەندییەکانی (ELF) هەیە؟ هەروەها لە نێوان زمانی ستانداردی ئینگلیزی و(ELF) دا، کامیان بە پەسەندتر دادەنرێت، کاتێك ئاخێوەرێکی کورد دەیەوێت فێری زمانی ئینگلیزی ببێت؟

5/0( گریمانەی توێژینەوەکە: گریمانەکان لەسەر بنەمای وەڵامدانەوەی کێشەی توێژینەوەکە بە دوو خاڵ دادەڕێژین:

- هەرچەندە تاکی کورد وەك پێویست شارەزایی لەبارەی بنەما و تایبەتمەندییەکانی (ELF)نییە، بەڵام تا ڕادەیەکی باش لە پێواژۆی پەیوەندیکردندا بە شێوەیەکی کارەکی پەیڕەوی لێدەکەن.
- هەردوو میتۆدی فێربوونی زمانی ئینگلیزیی ستاندارد و (ELF) بە لای ئاخێوەرانی کوردزمانەوە پەسەند و گونجاون، بەڵام بەپێی بواری بەکارهێنان، ڕێژەی پەسەندکردنی هەریەکەیان کەم و زیاد دەکات.

6/0( ناوەڕۆکی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا ناساندنی چەمك و پێناسەی (ELF) و مێژووی بڵاوبوونەوە و مۆدێلەکانی فراوانبوونی بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی و بوونی بە زمانی هاوبەش تاوتوێکراوە، لەگەڵ خستنەڕووی هەردوو مۆدێلی ئاخێوەری بنەڕەت و نابنەڕەت و لێهاتوویی زمانییان لە

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 11، العدد 3(2025) ؛ عدد الصفحات (13)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n3y2025.pp61-73
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 9 شباط 2025؛ قُبل في 17 آذار 2025؛ نُشرت في 9 تموز 2025؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: : mohammed.kurdish@garmian.edu.krd
حقوق الطبع والنشر ©2025 محمد حسين احمد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

بەکارهێنانی(ELF) دا. بەشی دووەم لایەنی کارەکی توێژینەوەکە دەنوێنێت، کە بریتییە لە شیکردنەوەی ئەنجامی ڕاپرسییەك، کە لە (26) خاڵ پێکهاتووە. بە گشتی ئامانجی ڕاپرسییەکە گەڕانە بەدوای وەڵامی پرسیاری (تا چەند (ELF) سەرکەوتوو دەبێت، ئەگەر وەك ئامرازێك بۆ فێرکردنی زمانی ئینگلیزی لە ناو فێرخوازانی کورددا بەکاربهێنرێت؟)، زۆرینەی وەڵامەکانیش ئەرێنی بوون.
لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

1 (ئینگلیزی وەك زمانێکی هاوبەش لە ڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە

1/1 (گەشەسەندنی زمانی ئینگلیزی و بوونی بە زمانی هاوبەش

هیچ زمانێک ناتوانێت وەک زمانێکی پەیوەندیکردنی فراوان کاربکات، مەگەر ژمارەیەکی زۆر لە ئاخێوەرانی زمانەکانی تر وەك زمانی دووەم بەکاریبهێنن (Crystal) .بە وردی ئەم ڕوانگەیە ڕووندەکاتەوە و پێیوایە تەنها زمانێک دەگاتە پێگەیەکی جیهانی، کە ڕۆڵێکی تایبەت بەدەستبهێنێت و لە هەموو وڵاتانی جیهاندا دانیپێدابنرێت، یان لە شێوەی زمانێکی فەرمیدا لە بوارە میرییەکانی وەك: دادگا و ڕاگەیاندن و پەروەردەدا بەکاربهێنرێت، یان لە بواری پەروەردەی زمانانی بیانیدا پێشبخرێت (Kemaloglu-Er, Elif and Deniz, Esma Biricik in Çetinkaya, Yeşim Bektaş, 2020: 22).

لەم سەدەیەدا ئینگلیزی بووەتە زمانێکی جیهانی و ژمارەی ئەو کەسانەی، کە ئاخێوەری زمانی بنەڕەت نین، لە ئاخێوەرانی زگماکی زیاترن، ئەمەش وا دەکات، کە زمانەکە لە ڕەگ و ڕیشەی زمانەوانی و فەرهەنگیی خۆی جیابکرێتەوە و بۆ چوارچێوەی پەیوەندییە نوێکان لەگەڵ گروپە هەمیشە گۆڕاوە کارلێککەرەکاندا بگوازرێتەوە (Hülmbauer, Cornelia , Böhringer, Heike and Seidlhofer, Barbara, 2008: 25).

گرنگە سەیری ئەو ڕووداوە مێژوویی و کۆمەڵایەتییانە بکرێت، کە دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی لە هەموو جیهاندا، بۆ ئەوەی لەو ڕۆڵە تێبگەین، کە زمانی ئینگلیزی لە چەندین بواری بەکارهێناندا دەیگێڕێت، وەک پەیوەندییە نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەییەکانی یەکێتیی ئەوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەمە جگە لە بوارەکانی توێژینەوە، خوێندنی باڵا، بازرگانی، بانگەشە، ڕیکلام، ناوی کاڵاکان، کات بەسەربردن، ئینتەرنێت، گەشتکردن، .(Cavalheiro, Lili et al., 2021: 67) ...

ئەمڕۆ ئینگلیزی تەنها بۆ وڵاتانی بازنەی ناوەوە نییە، کە وەک زمانی یەکەم بەکاردەهێنرێت، بەڵکو بۆ هەر تاکێک دەبێت، کە لەم زمانەدا بەکارهێنەرێکی لێهاتووە، بێ گوێدانە هەر دۆخێکی جووتزمانی و فرەزمانییان. لەم ڕوانگەیەوە پێویستە دووبارە بیر لە ڕۆڵی ئینگلیزی لە هەموو بوارەکاندا بکەینەوە، چونکە چیتر زمانێکی بیانی نییە، وەک ئەوەی پێشتر ئاماژەی پێکراوە، بەڵکو زمانێکی جیهانییە بۆ فێربوونی زانست و تەکنەلۆژیا و ... . ئەم مۆدێلە بەرەبەرە دووبارە بیری لێدەکرێتەوە، وەك گۆڕانکارییەکی گەورە لە هۆکارەکانی فێربوونی ئینگلیزی لە ئێستادا دەرکەوتووە. ئێستا شێوازی فێرکردن و هەڵسەنگاندنی زمانی ئینگلیزی وەك پێداویستی و ئاواتی ژمارەیەکی زۆر لە ئاخێوەرانی نابنەڕەت دادەنرێت، کە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ ئاخێوەرانی نابنەڕەتی تردا بەکاریدەهێنن .(Taglialatela, Antonio & Tardi, Giulia, 2020: 314)

هەرچەندە پێشتر ئینگلیزی تەنها وەك زمانێکی ئاسایی لە لایەن ئاخێوەرانی زمانی بنەڕەتەوە بەکاردەهات، بەڵام پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم وایکرد، ئەم ئەرکە زیاتر گەشەبسێنێت. لە سەردەمی ئێستای جیهانگیریدا، چەندین جار بانگەشەی ئەوە کراوە، کە ئینگلیزی زیاتر وەک زمانی هاوبەش بەکاردەهێنرێت، نەک تەنها ئامرازی پەیوەندیکردنی نێوان ئاخێوەرانی بنەڕەت بێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم واقیعە، توێژەرانی زمانەوانیی کارەکی و کۆزمانەوانی دەستیان بە لێکۆڵینەوە لە ELF کرد، بە مەبەستی وردبوونەوە لە ئەرکی ئینگلیزی لەم بوارەدا. لە ماوەی (25) ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێک توێژینەوەی ئەزموونیی سەرنجڕاکێش لە بارەی(ELF) ەوە، لە چەندین وڵاتی جیاوازی ئەوروپا و ئاسیادا ئەنجامدراون. سەبارەت بە بوارەکانی بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی، لێکۆڵینەوەکانی ELF گرنگییان بە چەندین بواری بەرفراوان داوە، لەوانە گفتوگۆی ئاسایی "ڕۆژانە"، گفتوگۆی سەر کار و بازرگانی، پەروەردە و خوێندنی باڵا.(Smit, Ute, 2010: 60)

لە ئەنجامی توێژینەوەیەکی (Kiczkowiak) و(Lowe) ، کە ساڵی (2018) ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە زیاتر لە (80%)ی کارلێکەکانی زمان لە جیهاندا لە نێوان ئاخێوەرانی بنەڕەت و نابنەڕەتدا ڕوودەدات. ئەمە لە کاتێکدایە، کە لە جیهاندا (٣٧٨) ملیۆن ئاخێوەری بنەڕەت و (٧٤٣) ملیۆن ئاخێوەری نابنەڕەت هەن. لەم ڕووەوە (Jenkins)و (Seidlhofer) گرنگییان بە تێگەیشتنی زمانی ئینگلیزی دا، نەک وردبینی و لێکۆڵینەوەی پەیوەندیی نێوان کلتورەکان، بەم کارەش بنەما تیۆرییەکانی مۆدێلی فێربوونی(ELF) یان دانا، کە ئامانجێکی گەورەی زۆرێک لە مامۆستایان پێکدەهێنێت (ELF) .زمانی هەموو ئەو ئاخێوەرانەیە، کە پاشخانی زمانی و کلتورییان جیاوازە، بە مەبەستی ڕەخساندنی پێواژۆی پەیوەندیکردنی نێوان ئاخێوەرانی کلتورجیاواز (Jenkins) .پێیوایە بەجیهانیبوونی زمانی ئینگلیزی، نە لە قازانجی ئاخێوەرانی بنەڕەتدایە، نە لەلایەن ئەوانیشەوە کۆنترۆڵدەکرێت (Taglialatela, Antonio & Tardi, Giulia, 2020: 314).

دۆخی ئەمڕۆی وڵاتان بە جۆرێکە، کە بەهیچ شێوەیەك ناتوانن بەربەست بۆ هاتنەناوەوەی زمانی ئینگلیزی دابنێن، چونکە وەك زمانێکی باڵا هەموو بوار و کایەکانی ژیانی گرتووەتەوە. هەر لە بوارە فەرمی و پیشەییەکانەوە (زانست، سیاسی، ئابووری، پەروەردەیی، گەشتیاری، تەرفیهی، ...) تا بوارە نافەرمی و کەسییەکان (ELF) .وەک شێوازێکی پەیوەندیکردن و خاڵێکی هاوبەش بۆ کۆکردنەوەی خەڵک و پڕکردنەوەی بەربەستەکانی کلتور و زمان بەکاردەهێنرێت. ئەمە جگە لە هۆکارە مێژوویی و سیاسییەکانی بڵاوکردنەوەی ئینگلیزی وەك دیاردەیەکی نێودەوڵەتی، لەوانە: (1) فراوانبوونی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا، کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا گەیشتە لوتکە. (2) سەرهەڵدانی ئەمریکا وەک هێزێکی پتەوی ئابووریی و سیاسیی پێشەنگی سەدەی بیستەم. (3) بڵاوبوونەوە و فراوانبوونی بازرگانیی نێودەوڵەتی و تەکنەلۆژیای زانیاری بە زمانی ئینگلیزی (Cavalheiro, Lili et al., 2021: 69)

(Kemaloglu-Er, Elif and Deniz, Esma Biricik in Çetinkaya, Yeşim Bektaş, 2020: 22).

2/1 (مۆدێلەکانی بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی:

مۆدێلەکانی ئێستای ئینگلیزیی جیهانی و ئینگلیزیی نێودەوڵەتی و بڵاوبوونەوەی لە سەرانسەری جیهاندا، بەسەر "سێ" بازنەی سەرەکیدا دابەشکراوە. ئەم مۆدێلەش بۆ یەکەمجار لە لایەن(Braj Kachru) ەوە ساڵی (1985) ڕوونکرایەوە، بازنەکانیش ئەمانەن (Kemaloglu-Er, Elif and (Cavalheiro, Lili et al., 2021: 67) Deniz, Esma Biricik in Çetinkaya, Yeşim Bektaş, 2020: 22):

1. بازنەی ناوەکی: بنەما باوەکانی زمانی ئینگلیزی دەنوێنێت، کە زمانی زگماکییە و وڵاتانی ئەمریکا، بەریتانیا، ئێرلەندا، کەنەدا، نیوزلەندا، ئوسترالیا دەگرێتەوە .

2. بازنەی دەرەکی: ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە، کە زمانی ئینگلیزی زمانی بنەڕەتییان نییە، بەڵام وەک زمانێکی فەرمی لە دامەزراوەکانی وڵاتدا بەکاردێت، ئەمەش وڵاتانی هیندستان، نەیجیریا، فلیپین، بەنگلادیش، پاکستان، مالیزیا، کینیا، سەنگافورە و زیاتر لە پەنجا خاکی دیکە لەخۆدەگرێت .

3. بازنەی فراوانکراو: ئەمەش ئەو گەلانە دەگرێتەوە، کە زمانی ئینگلیزی هیچ ڕۆڵێکی مێژوویی لە کۆلۆنیالیزمی وڵاتیاندا ناگێڕێت، یان هیچ پێگەیەکی تایبەتیی میری پێنەدراوە، بەڵام گرنگییەکەی وەک زمانێکی (بیانی) تەکنەلۆژی و نێودەوڵەتی بە باشی ناسراوە و بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرێت. ئەمەش وڵاتانی چین، ژاپۆن، تورکیا، یۆنان، پۆڵەندا، ڕووسیا و بەشێکی زۆری گەلانی دیکەی دانیشتوانی جیهان لەخۆدەگرێت.

ئەم سێ بازنە هاوسەنتەرە نوێنەرایەتیی بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی بواری بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهاندا دەکەن. هەروەها ئەم مۆدێلە ئەوە پیشاندەدات، کە ئەو ئینگلیزییەی لە بازنەی ناوەوە قسەی پێدەکرێت، نۆرم دادەنێت و وڵاتانی ئەم بازنەیە ئینگلیزی وەک زمانێکی زگماکی بەکاردەهێنن، بەڵام لە بازنەی دەرەوەدا ئینگلیزی وەک زمانی دووەم بەکاردەهێنرێت و جۆرەکانی ئینگلیزی لە پێواژۆی پەرەپێدانی نۆرمەکانی خۆیاندان. لە کۆتاییدا، ئەو ئینگلیزییەی لە بازنەی فراوانکراودا بەکاردەهێنرێت، وابەستەی ئەو نۆرمانەیە، کە لەلایەن ئاخێوەرانی بنەڕەتی بازنەی ناوەوە دانراون، ئینگلیزی وەک زمانێکی بیانی بەکاردەهێنرێت (Cavalheiro, Lili et al., 2021: 67).

3/1 (ئینگلیزی وەك زمانێکی هاوبەش) (ELF) چەمك و ناساندن(

(ELF)زاراوەیەکی بواری کۆزمانەوانی و زمانەوانیی کارەکییە، کورتکراوەی دەستەواژەی(English as a lingua franca) یە، واتە " ئینگلیزی وەک زمانێکی هاوبەش"، لەم توێژینەوەیەدا فۆڕمی ئەکرۆنیمی (ELF) پەسەنددەکەین، لەبەر ئەوەی: (1) زاراوەیەکی جیهانییە، (2) کورت و پوخت مەبەستەکە دەگەیەنێت،(3) ئابووریکردنی تێدایە، چونکە لە توێژینەوەکەدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو زاراوەکە دووبارەبووەتەوە.

جگە لە زاراوەی(ELF) ، (Seidlhofer)ئاماژە بەوە دەکات، کە لە هەر شوێنێک زمانی ئینگلیزی بۆ پەیوەندیکردنی نێوان کلتورەکان بەکاربهێنرێت، دەتوانرێت ئینگلیزی وەک زمانێکی نێودەوڵەتی (EIL) "English as an international language " ناوببرێت، زاراوەی هاوشێوەی تریش بۆ هەمان مەبەست بەکارهاتوون، لەوانە:

- (Crystal)و هاوبیرانی: ئینگلیزی وەک زمانێکی جیهانگیری "English as a global language".
- (Mair)و هاوبیرانی: ئینگلیزی وەک زمانێکی جیهانی "English as a world language".

خاڵی هاوبەش لە چەمکی ئەم زاراوانەدا ئەوەیە، کە هەموویان ئاماژەن بۆ جیاوازی لەگەڵ چەمک و نۆرمەکانی ئاخێوەرانی زمانی زگماکی (Kemaloglu-Er, Elif and Deniz, Esma Biricik in Çetinkaya, Yeşim Bektaş, 2020: 23).

(ELF)ئامرازێکی هاوبەشی پەیوەندیکردنی نێوان ئەو ئاخێوەرانەیە، کە پاشخانی کلتوری و زمانیی هەمەجۆریان هەیە و لە هەموو گۆشەیەکی جیهانگیریی جیهانی ئەمڕۆدا بەکاردەهێنرێت. واقیعێکی کۆمەڵایەتیی دینامیکییە، کە لە هەر چرکەیەکدا ملیۆنان ئاخێوەری جیهان زمانی ئینگلیزی وەك زمانی (دووەم) نابنەڕەت بەکاردەهێنن، ئەم کارلێکانەش بە شێوەیەکی گشتی لە ناوچە فرەزمان و فرەکلتورەکاندا ڕوودەدەن. بەم شێوەیە (ELF) بەردەوام لەلایەن ئاخێوەرانەوە وەک ئامرازێکی پەیوەندیکردن بۆ لێکگەیشتن سوودی لێوەردەگیرێت، بۆیە (ELF) بە سروشتێکی دەوڵەمەند بە جۆراوجۆری، ناتوانرێت بە پێوەر و یاسا و نۆرمەکانی ئینگلیزیی ستاندارد پێناسەبکرێت، کە لەلایەن ئاخێوەرانی بنەڕەتەوە دامەزراون، چونکە چیتر دیاردەیەکی ئاڵۆزە و سیمای تایبەتی خۆی هەیە، کە) بە نەرمی"flexible" ی زمانی، پراگماتیک، کلتوری دیاریکراو (ناسراوە. ئەمەش لە ڕێگەی ئەزموونە دەوروبەرییەکانی ئاخێوەرانەوە پەیوەست بە پراکتیککردن و خستنەسەریەك و خستنەڕووی بێشومارەوە شێوەگیر دەبێت (Kemaloglu-Er, Elif and Deniz, Esma Biricik in Çetinkaya, Yeşim Bektaş, 2020: 21).

وەك پێشتر باسکرا، ئێستا ژمارەی ئاخێوەرانی ئینگلیزیی نابنەڕەت زۆر لە ئاخێوەرانی زمانی ئینگلیزیی بنەڕەت زیاترن، ئەم زیادبوونەش تەنها لە پەیوەندییە ڕووبەڕووەکاندا نەوەستاوە، بەڵکو باڵی بەسەر پەیوەندییە دیجیتاڵییەکانیشدا کێشاوە. ئەم دەسەڵاتە جیهانییەی ئینگلیزی بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر پێگەی زمانی ئینگلیزی لە سەرانسەری جیهان و جۆرە نوێیەکانی زمانی ئینگلیزی و بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی هاوبەش (Kemaloglu-Er, Elif and Deniz, Esma Biricik in Çetinkaya, Yeşim Bektaş, 2020: 21)، (Crystal)ئاماژە بەوە دەکات، کە نزیکەی 90%ی دەزگا نێودەوڵەتییەکان لە ناوچەی ئاسیا و زەریای هێمندا، زمانی ئینگلیزی وەک زمانی کارکردنیان بەکاردەهێنن. لە کۆی تەنها (812) ملیۆن بەکارهێنەری ئینگلیزی لە سەرانسەری جیهاندا، نزیکەی 80%یان قسەکەری زمانی بنەڕەت نین .(NNS) جیهانگیری بووەتە هۆی ئەوەی وڵاتانی وەک ژاپۆن و ئەندەنوسیا و چەندین وڵاتی دیکە بە هاوبەشی لەگەڵ بازاڕی پیشەسازیی

زمانی ئینگلیزیدا گەشەبکەن ، کە باس لە پێویستیی ئینگلیزی دەکات وەك پردێکی پەیوەندیی نێوان قسەکەرانی نەتەوە و کلتور و پاشخانی زمانیی جیاواز. جگە لەوەش، رێککەوتنێک هەبووە بۆ بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی وەک زمانی کارپێکردن بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی پەیوەندیکردن لە نێوان بەکارهێنەرانی زمانی ئینگلیزیی نابنەڕەت لە کۆمەڵی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا، کە ژاپۆن و ئەندەنوسیا لەخۆدەگرێت (mairi, salam, 2016: 283).

یەکێك لەو پێناسانەی، کە بۆ چەمکی (ELF) کراوە، دەڵێت) :لە بنەڕەتدا "زمانی پەیوەندی"contact language -ی نێوان ئەو کەسانەیە، کە نە زمانی دایکیی هاوبەشیان هەیە، نە کلتورێکی هاوبەشی (نەتەوەیی)، بۆیە ئینگلیزی وەك زمانی بیانی بۆ پەیوەندیکردن هەڵدەبژێرن، بەدڵنیاییەوە (ELF) دەتوانێت ئاخێوەرانی بنەڕەتیش بگرێتەوە، کاتێک بەشداریی پەیوەندیکردنی نێوان کلتورەکان دەکەن. هەر ئاخێوەرێک ئینگلیزی بەکاربهێنێت بۆ مەبەستی پەیوەندیکردنی نێوان کلتورەکان، لە بنەڕەتدا بە (ELF )قسە دەکات، واتە ئاخێوەرانی هەر زمانێکی تر دەتوانن (ELF) بۆ مەبەستی خۆیان بگونجێنن، بەبێ ئەوەی زۆر رەچاوی پێوەر و نۆرمەکانی زمانی ئاخێوەری بنەڕەت بکەن(Hülmbauer, Cornelia et al, 2008: 27) (، هەر بۆیە (Kirkpatrick)زاراوەی (ELF) بۆ پێناسەکردنی دۆخی ئینگلیزی لە پەیوەندییەکاندا بەکاردەهێنێت، کە وەک پردێکە لە نێوان ئەو ئاخێوەرانەدا، کە بە هەمان زمانی یەکەم قسەناکەن.(mairi, salam, 2016: 283)

میتۆدی (ELF) لە گریمانەی "ئینگلیزی وەک زمانێکی بیانی"ەوە بۆ "هۆشیاریی ئینگلیزی وەک ئامرازێك بۆ پەیوەندیکردن لە نێوان ئاخێوەرانی نابنەڕەتدا" دەگۆڕێت. لەم ڕوانگەیەوە ئینگلیزی چیتر تایبەت نییە بە ئاخێوەرانی زمانی بنەڕەتەوە، زۆربەی مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی ئاخێوەرانی نابنەڕەتن، بۆیە وا دەخوازێت رێبازێکی دیداکتیک پەیداببێت، کە تێیدا ئەوانیش بە خاوەنی یاسایی زمانەکە هەژماربکرێن. هەرچەندە زۆرێک لە مامۆستایان هێشتا پێیانوایە، کە بەکارهێنانی میتۆدی (ELF) لە کردەی پەروەردەییدا گونجاو نییە، بەڵام ناتوانرێت گرنگیی میتۆدەکە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە ڕاستەقینەکانی فێربوونی پۆل پەراوێزبخرێت، چونکە بووە بە بەشێکی دانەبڕاو لە پێداگۆجیی ئینگلیزی و دەتوانێت چالاکیی مامۆستایان فراوانتر بکات، ڕەنگە رێنمایی خوێندکارانیش بکات، بە تێڕامانیان لەو ستراتیژ و پێواژۆیانەی، کە تەواوی فەرهەنگە زمانییەکانیان لەخۆدەگرێت (Taglialatela, Antonio & Tardi, Giulia, 2020: 315).ئەم گواستنەوەیەی پێگەی ئینگلیزی لە زمانێکی بیانییەوە (foreign language)بۆ زمانێکی هاوبەش (lingua franca) ئاسان نەبوو، ئەمەش بەهۆی وابەستەیی بەکارهێنەران بە یاسا و نۆرمەکانی زمانی بنەڕەتەوە، رۆڵی نۆرمە بنەڕەتەکانی زمانی ئینگلیزی، کە وەک مۆدێلی ستانداردی پراکتیکەکانی "فێرکردنی زمانی ئینگلیزی (ELT-English Language Teaching)"لە سەرانسەری جیهاندا هەبوون و دەسەڵاتیان هەبووە، بەڵام لە رێگەی لێکۆڵینەوەکانی (ELF)ەوە ئەو پرسە خرایە ژێر پرسیارەوە.(mairi, salam, 2016: 283)

لە بنەڕەتدا پێناسە و دیاریکردنی سنووری کاری (ELF) بەسەر چەند قۆناغێکی مێژووییدا دابەشبووە. بە واتایەکی تر گۆڕانکارییەکانی شێوازی تێگەیشتن لەم چەمکە، وای لە (Jenkins) کرد، کە سێ قۆناغی جیاواز لە لێکۆڵینەوەی(ELF) دا جیابکاتەوە (Flognfeldt, M. E. In M. Dypedahl, 2022: 119-120) (Cavalheiro, Lili et al., 2021: 74):

قۆناغی یەکەم: هەوڵدان بوو بۆ پێناسەکردنی تایبەتمەندییە زمانییە دیارەکانی(ELF) ، وەك گرنگیدان بە فۆرمەکانی (گۆکردن، لێکسیکۆگرامەر).

قۆناغی دووەم: زانایان درکیان بەوە کرد، کە ناوەندیترین تایبەتمەندی بۆ پەیوەندیکردنی (ELF)بریتییە لە گۆڕانکاری و توانای گونجاندن، لە هەر کوێی جیهاندا کارلێکی (ELF)ڕوویدات، بەکارهێنانی جیاواز دەبێت لە شوێنێکی تر. ئەمەش بەهۆی (جیاوازیی پاشخانی زمانی و ئاستی لێهاتوویی ئاخێوەران، ئامانجی کارلێکەکە، سنووردارکردنی هەمەجۆریی پرۆسێسکردن، جیاوازیی تواناکان)ەوە.

قۆناغی سێیەم (Jenkins) :لەم قۆناغەدا(ELF) ی وەکو فرەزمانیی هاوبەش (ELF as a multilingua franca)جێگیرکردووە، کە ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی لە ژینگە فرەزمانییەکاندا. لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە، لەبری ئەوەی کەسێک وەک) بەکارهێنەری (ELF- ELF user ناوزەدبکات، (Jenkins) پێشنیازی بەکارهێنانی هەردوو زاراوەی) بەکارهێنەری فرەزمانیی ELF - ELF multilingual ELF use)و) بەکارهێنەریELF ی تاکزمان monolingual - ELF user)ی کرد.

ئەو سێ قۆناغەی باسکرا، لە ئەنجامی شیکردنەوە و تێگەیشتنی توێژەرانەوە بۆ " پێناسە جیاوازەکان"ی(ELF) ەوە سەرچاوەیگرتووە) بڕوانە Cavalheiro, Lili et al., 2021: 73-77):

یەکەمین پێناسە، کە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی بۆ کرابێت، پێناسەکەی "Alan Firth"ە،ساڵی (1996) پێشکەشکراوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە (ELF) تەنها زمانی پەیوەندیکردن نییە، بەڵکو زمانی پەسەندکراو و هەڵبژێردراوە لە لایەن ئەو کەسانەی، کە پێویستیان بە پەیوەندیکردنە، هاوکات خاوەنی زمان و پاشخانی کلتوریی لێکجیاوازن .

دووەمین پێناسە لە لایەن"Juliane House" ەوە ساڵی (1999) پێشکەشکراوە، پێیوایە (ELF) بریتییە لە کارلێکی نێوان ئەندامانی دوو کۆمەڵ (یان زیاتر)، کە زمانی ئینگلیزی بەکاربهێنن و خاوەنی زمان و کلتوری جیاواز بن، واتە ئینگلیزی زمانی بنەڕەتی هیچ کامیان نەبێت (House) .چەمکی "کلتووری زمانی(linguaculture) " یش دەناسێنێت، بەوەی لە کاتی کارلێکەکانی(ELF) دا، بەشداربووان پێویستە ئاگاداری ئەوە بن، کە چۆن پاشخانی زمانی و کلتوریی خۆیان و ئاخێوەرانی بەرانبەریشیان کاریگەرییان لەسەر پەیوەندیکردن دەبێت.

پێناسەیەکی تر، کە لەلایەن(Jennifer Jenkins) ەوە ساڵی (2013) پێشنیازکراوە، بە هەمان شێوە (ELF) وەک زمانێکی پەیوەندیکردن پیشاندەدات و ئەوە دەخاتەڕوو، کە بەربڵاوترین بەکارهێنانی ئینگلیزییە لەم سەردەمەدا. هەروەها

(Jenkins)لە پێناسەکەیدا بە تەواوی ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە کارلێکەکانی (ELF) دەتوانن لە نێوان هەر کەسێکدا ڕووبدەن، کە ئینگلیزی وەک کەناڵی پەیوەندیکردن هەڵدەژێرن، بەبێ گرنگیدان بە زمانی یەکەم/ دایکییان .

پێناسەی چوارەم لە لایەن(Anna Mauranen) ەوە ساڵی (2018) خراوەتەڕوو، باوەڕیوایە (ELF)" زمانێکی هاوبەشی نا-خۆجێییە"، کە دەتوانرێت لەلایەن هەر کەسێکەوە لە هەر شوێنێک و بۆ هەر مەبەستێک بەکاربهێنرێت. هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات، کە بەکارهێنانی ELF نەک تەنها بۆ بوارە چەسپیوەکانی وەک (سیاسەت، بازرگانی، ئەکادیمی، گەشتیاری، ...)، بەڵکو دەکرێت لەنێو کرێکارانی کۆچبەر و پەناخوازانیشدا بۆ کارلێککردن لەگەڵ یەکتردا وەک زمانی هاوبەشی پەیوەندیکردن بەکاربهێنرێت. ئەمە یەکەمین پێناسەیە، کە ئاماژە بە میدیای دیجیتاڵی دەکات، ئەم پێناسەیە بەراورد بە پێناسەکانی پێشوو، گشتگیرترە، چونکە تەنها سەرنجی لەسەر پەیوەندیکردنی نێوان تاکەکان "لە شوێنێکی دیاریکراودا" نییە، بەڵکو بایەخ بە پەیوەندیکردنی سەرهێڵ(Virtual communication) یش دەدات.

پێناسە و ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە چەمکی (ELF) هەمیشە و هاوتەریب لەگەڵ گۆڕان و گەشەسەندنە خێراکانی زمان و کۆمەڵ، لە بەرەوپێشچوون و گۆڕاندایە و خۆی نوێدەکاتەوە. ئێستا زاراوەکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە لە هەموو پەیوەندیکردنێکی ڕووبەڕوو و ناڕاستەوخۆی نێوان ئاخێوەرانی کلتورجیاواز و زمانجیاواز دەکۆڵێتەوە، لە سەرجەم کایە و بوارە جۆربەجۆرەکاندا. ئەمەش سنوورێکی فراوان بۆ لێکۆڵینەوە هەمەچەشن و فرەڕەهەندەکان دەستەبەردەکات، کە لە ڕووی سیما و تایبەتمەندییەکانەوە جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە. ئەمەش لە لایەکەوە دەروازەیەکە بۆ لێکۆڵینەوەی دەوڵەمەندی فرەبوار (لایەنی ئەرێنی)، لە لایەکی ترەوە ڕەنگە نەتوانرێت تایبەتمەندیی سنووری هەر جۆرێکی لێکۆڵینەوە وردەکان دەستنیشانبکرێت (لایەنی نەرێنی).

4/1 (شوناس و خاوەندارێتیی زمان لە(ELF) دا

شوناس یەکێکە لە پرسە سەرەکییەکانی کەسێتیی تاک، کە بەپێی زەمینەی کۆمەڵایەتی و کلتوری و سیاسیی بارودۆخەکان گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەمەش کاریگەریی لەسەر چۆنیەتیی تێگەیشتنیان لە پەیوەندیکردن لەگەڵ جیهانی دەوروبەردا هەیە، بۆیە لە کاتی فێربوونی زمانێکی بیانیی وەک ئینگلیزیدا، زۆرجار زمانەکە بە پشتبەستن بە پێداویستی و بەرژەوەندییەکانیان وەردەگرن و دەیانگونجێنن. لێرەوە دەچینە سەر پرسی خاوەندارێتی، کە پەیوەندییەکی نزیکی بە شوناسەوە هەیە. بە ڕەچاوکردنی پرسی خاوەندارێتیی زمانی ئینگلیزی لە بارودۆخی ئەمڕۆدا، بە پێچەوانەی تێڕوانینە باوەکانەوە، (Widdowson)و زۆرینەی شارەزایانی بوارەکە دان بەوەدا دەنێن، کە ئینگلیزیی ستاندارد زمانێکی نێودەوڵەتییە، چیتر موڵکی بەریتانیا، یان وڵاتانی تری بازنەی ناوەوە نییە، چونکە خزمەت بە ژمارەیەکی زۆر لە نەتەوە و کۆمەڵە جیاوازەکان و ئامانجە دامەزراوەییەکانیان دەکات، بە شێوەیەك، کە سنووری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و کلتوری و نەریتیی تاکە گەلێکی تێپەڕاندووە (Cavalheiro, Lili et al., 2021: 79) (Flognfeldt, M. E. In M. Dypedahl, 2022: 127) (Hülmbauer, Cornelia, et al, 2008: 27)و بە هەموو جیهاندا بڵاوبووەتەوە و لە بوار و کایە جیاوازەکاندا بەکاردەهێنرێت، ئەمە لە لایەك. لە لایەکی ترەوە ژمارەی ئاخێوەرانی نابنەڕەتی زمانی ئینگلیزی زۆر لەو ئاخێوەرانە زیاترە، کە وەکو زمانی بنەڕەت بەکاریدەهێنن. هەروەها پێگەی ئینگلیزی وەک سەرچاوەیەکی زمانی لە جیهاندا ڕاستییەکی ئەزموونییە، بۆیە پرسی ئەوەی "کێ پێشتر خاوەنی بووە و کێ ئێستا خاوەنیەتی" بەهایەکی ئەوتۆی نییە (Flognfeldt, M. E. In M. Dypedahl, 2022: 127).

5/1 (مۆدێلی ئاخێوەری بنەڕەت/ نابنەڕەت لە لێکۆڵینەوەی(ELF) دا

لەوەتەی (Chomsky) چەمکی لێهاتوویی زمانی داهێناوە و بانگەشەی ئەوەی کردووە، کە هەر ڕەچاوکردنێکی فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان لە دەرەوەی بواری زمانەوانییە، کاردانەوەکان بۆ ئەم تیۆرە گەشەکردن و بەرەوپێشچوونێکی فراوانی بەخۆوە بینیوە، بە وێنە (Hymes) بە سوودوەرگرتن لە زانستی مرۆڤناسی، هەوڵی دووبارە پێناسەکردنەوەی چەمکی لێهاتوویی دا، لەم بارەیەوە دەڵێت: جگە لە بەدەستهێنانی سیستەمێکی ڕێزمانی، یان لێهاتوویی زمانی، ئاخێوەران پێویستیان بە چەمکی لێهاتوویی کۆمەڵایەتیی زمانیش هەیە، لێهاتوویی ئەوەی، کە کەی قسە بکەن و کەی نەیکەن، لەبارەی چی قسە بکەن و لەگەڵ کێدا، کەی و لە کوێ و بە چ شێوەیەک، ئەم چەمکەشی بە "لێهاتوویی پەیوەندیکردن" ناوبرد. لەو کاتەوە چەمکی لێهاتوویی پەیوەندیکردن سەرنجێکی زۆری زمانەوانانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە و پەرەپێدراوە (Taglialatela, Antonio & Tardi, Giulia, 2020: 316) (احمد، محمد حسين، 2023: 16-17 و 60-62).

بۆ پێشخستن و تێپەڕاندنی ئاخێوەری بنەڕەت وەک مۆدێلێکی لێهاتوویی پەیوەندیکردن، هەردوو زانا (Byram and Zarate) لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی بیستەمەوە دەستەواژەی "ئاخێوەری نێوان کلتورەکان intercultural – speaker"یان داهێنا. ئەم مۆدێلە بۆ فێرکردنی زمانی بیانی سازکراوە و ئەو ئاخێوەرانە دەگرێتەوە، کە بە شێوەیەکی گونجاو و کاریگەر توانای ڕووبەڕووبوونەوە و کارلێکردنیان لەگەڵ کەسانی کلتورجیاوازدا هەیە، تێڕوانین و تێگەیشتنەکانی تری ئاخێوەرانی جیهان قبوڵدەکەن، نێوەندگیری لە نێوان تێڕوانینە جیاوازەکاندا دەکەن، بۆئەوەی ئاگاداری هەڵسەنگاندن و قبوڵکردنی جیاوازییەکان بن. ئەم لێهاتووییەی ئاخێوەران بۆ نێوەندگیری و پاراستنی پەیوەندی لەگەڵ ئاخێوەرە کلتورجیاوازەکان بە زاراوەی "لێهاتوویی پەیوەندیکردنی نێوان کلتورەکان intercultural communicative - competence"، یان (ICC) چەسپێنرا، کە لە هەردوو (1) لێهاتوویی پەیوەندیکردن بە هاوکلتورەکان و (2) لێهاتوویی پەیوەندیکردن بە کلتورجیاوەزەکان پێکهاتووە. لێهاتوویی پەیوەندیکردن لە سێ بەش پێکدێت: (1) توانستی زمانی، (2) توانستی کۆزمانەوانی، (3) توانستی گوتار. لێهاتوویی نێوان کلتورەکانیش سێ پێکهاتە دەگرێتەوە: کۆزانین و لێهاتوویی و هەڵوێست، بە پێنج بەها تەواودەکرێت: (1)

هەڵوێستی نێوان کلتورەکان، (2) کۆزانین، (3) لێهاتوویی لێکدانەوە و پەیوەندیکردن، (4) لێهاتوویی دۆزینەوە و کارلێککردن، (5) هۆشیاریی کلتوریی ڕەخنەگرانە (Taglialatela, Antonio & Tardi, Giulia, 2020: 316).

سەبارەت بە کۆمەڵی ئاخاوتنی لە لێکۆڵینەوەی(ELF) دا، ئەوە ڕوونکراوەتەوە، کە بەکارهێنەرانی (ELF) سەر بە چەندین کۆمەڵی کلتوریی جیاوازن، خۆیان کۆمەڵێکی ئاخاوتنی پێکناهێنن، ئێستا لە جیهاندا چیتر تۆڕە کارلێکییەکان پشت بە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی ڕووبەڕوویش نابەستن، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە تۆڕ و کۆمەڵانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەگەری پەیوەندییە کردارییەکان سەرهەڵدەدەن، (Eckert and McConnell-Ginet)پێشنیازی ئەوە دەکەن، کە ئەم جۆرە کۆمەڵانە بە "کۆمەڵی پراکتیکی "communities of practice – ناوببرێن. ئێستا زۆرێک لە کۆمەڵە پراکتیکییەکان لەسەر ئاستی جیهانی پێکدەهێنرێن، کە زۆربەی ئەندامەکانیان زمانی یەکەمیان هاوبەش نییە، لەم سۆنگەیەشەوە (ELF) وەک جۆرێکی نوێ هاتووەتە گۆڕەپانەکەوە و لە کۆمەڵدا بەکاردەهێنرێت. بۆ پەرەپێدانی زیاتری بیرۆکەکە، (Wenger)سێ تایبەتمەندی بۆ دیاریکردنی "کۆمەڵی پراکتیکی" دەخاتەڕوو: (1) ئاڵوگۆڕی بەشداریکردن لە پراکتیزەکردنی هاوبەشدا، (2) بەشداریکردن لە هەندێک پرۆژەی گفتوگۆی هاوبەش، (3) سوودوەرگرتن لە فەرهەنگی هاوبەشی ئەندامان (Hülmbauer, Cornelia et al, 2008: 28).

چەمکی (ELF) بەرەنگاری لێکدانەوە چەسپاوەکانی زاراوەی "ئاخێوەری بنەڕەت" و تایبەتمەندییەکانی خاوەندارێتیی زمانی ئینگلیزی دەبێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە (Rajadurai)سێ ئەفسانە سەبارەت بە ئاخێوەری بنەڕەت دەخاتەڕوو (Kemaloglu-Er, Elif and Deniz, Esma Biricik in Çetinkaya, Yeşim Bektaş, 2020: 25):

ئەفسانەی یەکەم: ئاخێوەری بنەڕەت دەبێت یاسا و نۆرمەکان دابڕێژێت.

ئەفسانەی دووەم: هەمیشە ئاخێوەری بنەڕەت بە باشترین دادوەر و بڕیاردەر دادەنرێت لەبارەی ڕێژەی تێگەیشتن لە دەربڕاوەکان.

ئەفسانەی سێیەم: ئاخێوەری بنەڕەت هەمیشە باشترینە بۆ نواندنی چەمکی دەربڕاوەکان.

وەک (Rajadurai) کورتیدەکاتەوە: (1) هەمەجۆریی ئاخاوتنی ئاخێوەرە بنەڕەتەکان بە دەگمەن لە چوارچێوەی ئاخاوتنی نابنەڕەتەکاندا هەیە، بۆیە سەپاندنی جۆری بنەڕەت وەک نۆرم نالۆژیکییە، لەبەرئەوەی بەکارهێنانی ئینگلیزی وەك زمانێکی هاوبەش بەو واتایەیە، کە هەمەجۆری چاوەڕوانکراوە. (2) زۆربەی کارلێکەکان لە زمانی ئینگلیزیی ئەمڕۆدا بە ئائامادەیی (غیاب) ئاخێوەرانی بنەڕەتدا ڕوودەدەن، بۆیە هیچ هۆکارێک نییە، کە وای دابنێین بڕیاری ئاخێوەرانی بنەڕەت گەورەترین ڕۆڵی لە دیاریکردنی تێگەیشتنی ئاخاوتنی ئاخێوەرانی نابنەڕەتدا هەیە. ڕەنگە ئاخێوەری بنەڕەت هەمیشە تێگەیشتووترین کەس نەبێت، لەبەرئەوەی ئاخێوەری تاکزمانە (monolingual)، تەنانەت ڕەنگە لە پەیوەندیکردن لەگەڵ ئینگلیزییە جیهانییەکاندا کەموکورتیی هەبێت.

بەپێی ئەوەی باسکرا، ناتوانرێت (ELF) بە ئینگلیزیی "خراپ" یان "ناکامڵ" پەسنبکرێت، چونکە بەکارهێنەرانی (ELF) بە شێوەیەکی کاریگەر لە هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێکی زمانیدا توانای قۆرخکردنی فۆڕم و ئەرکەکانی زمانەکەیان هەیە، لە سەرەتاییترین قسەکانەوە دەستپێدەکات، تا دەگاتە ئارگۆمێنتە ئاڵۆز و وردەکان. بەکارهێنەرانی زمان وەک ئەوەی سوود لە فەرهەنگە زمانەوانییە فرەلایەنەکانیان وەردەگرن، کاریگەرترین سەرچاوەکانیش بۆ مەبەستە تایبەتەکانیان هەڵدەبژێرن، بۆیە دەوترێت (ELF) وەک زمانێکی جێگیر و زاڵ بەسەر هەموو زمانەکانی تردا نییە، بەڵکو وەک ئامرازێکی پەیوەندیکردنی فلێکسەبڵە بۆ کارلێککردن و تێکەڵبوون لەگەڵ زمانەکانی تر لە چوارچێوەیەکی گەورەتری فرەزمانیدا (Hülmbauer, Cornelia , Böhringer, Heike and Seidlhofer, Barbara, 2008: 25).

نۆرمەکانی ئاخێوەری بنەڕەت نابێت چیتر بە ستاندارد لە هەڵسەنگاندنی زماندا هەژماربکرێن، ئەمەش تا ڕادەیەک لەگەڵ ڕەخنەیەکی هاوتەریبدا یەکدەگرێتەوە، کە لەلایەن پارادایمی ئینگلیزییە جیهانییەکانەوە خراوەتەڕوو، بە واتایەکی تر مەرج نییە ئاخێوەرانی (ELF) بەرەو جۆرێکی تایبەتی ئینگلیزی (بنەڕەت، یان شێوەیەکی تر) ئاراستەبکرێن، بۆیە پرسەکانی لێهاتوویی زمان تێدەپەڕێنن و بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن، کە چی وەک دەرئەنجامی پەیوەندیکردنی کاریگەر و سەرکەوتوو لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزییەوە هەژماردەکرێت و دەتوانێت فۆڕمی دەرکەوتوو و داهێنەرانە لە زمان و واتای پراگماتیکیدا لەخۆبگرێت. ئەم توانایە پێویستیی بە گۆڕانکاری لە توانایەکی ئیستاتیکییەوە بەرەو ڕوانگەیەک هەیە، کە گونجاندن لە پێشتر بێت، لێهاتوویی جۆرەکانی گونجاندنیش بریتین لە (شارەزایی لە پراگماتیک و کۆزمانەوانی، گۆڕینی شێواز، بەڕێوەبردنی گفتوگۆ و ستراتیژەکانی گوتار، ...) (Harding, L. & McNamara, T.F. in J. Jenkins, M. J. Dewey, & W. Baker, 2018: 2-3).

(Byram)سێ ڕێگای گونجاو بۆ پەیوەندیکردن، یان کارلێک دەخاتەڕوو: (1) پەیوەندیکردنی ئاخێوەرانی زمانە جیاوازەکان و وڵاتانی جیاواز، بە جۆرێك بەشێکیان ئاخێوەری بنەڕەتی ئەو زمانەیە، کە بەکارهاتووە. (2) پەیوەندیکردنی ئاخێوەرانی زمانە جیاوازەکان و وڵاتانی جیاواز، بە جۆرێك، کە زمانی بەکارهاتوو زمانێکی هاوبەشە. (3) پەیوەندیکردنی ئاخێوەرانی هاووڵات، بەڵام بە زمانی جیاواز، بە جۆرێك، کە بەشێکیان ئاخێوەری بنەڕەتی ئەو زمانەیە، کە بەکارهاتووە. لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ ئاخێوەرانی زمانەکانی تردا، ئاخێوەرانی زمانی بیانی پێویستیان بە لێهاتووییەک هەیە، کە هەردوو توانستی زمانی و کلتوری کۆمەڵایەتی (socio-cultural) بۆ گونجاندن لەگەڵ دەوروبەری پەیوەندیکردندا تێکەڵبکەن. کاتێک پەیوەندیکردن لە زمانێکی هاوبەشدا ڕوودەدات، بە لایەنی کەمەوە سێ کلتور بەشداری لە کارلێکدا دەکەن: (1) کلتوری ئاخێوەر،(2) کلتوری گوێگر، (3) کلتوری زمانی هاوبەش، کەواتە فێرکردنی زمانی بیانی دەبێت لە ڕێبازێکی پەیوەندیکردنەوە بگوازرێتەوە بۆ ڕێبازێکی پەیوەندیکردنی نێوان کلتورەکان، کە ئامانجی هەوڵدانە بۆ نێوەندگیرکردن و بەستنەوەی کلتور و زمانی دایکی بە زمان و کلتورێکی ترەوە و دروستکردنی کلتورێکی نوێ لە پەیوەندیکردندا

(Taglialatela, Antonio & Tardi, Giulia, 2020: 317).کەواتە جگە لە تایبەتمەندیی فرەزمانیی(ELF) ، سروشتی نێوان کلتورەکانیش گرنگە، لەبەرئەوەی زۆربەی کارلێکەکانی (ELF) بە ناجێگیر و داینامیکی پێناسە دەکرێن. هیچ شوناسێکی تاک، یان کلتوری ئینگلیزی-زمان نییە، کە بە ڕوونی بەشداربووانی پێی بناسرێنەوە، بەم هۆیەشەوە، بەشداربووان لەگەڵ هەر دۆخێکی پەیوەندیکردندا، گفتوگۆی خۆیان بە گوێرەی کەسی بەرانبەریان دروستدەکەن، گفتوگۆ دەکەن و گونجاندن و ڕێککەوتنیان لەگەڵدا دەکەن. بۆ ئەوەی ئەمە بەدەستبهێنرێت، نەک تەنها پێویستە هۆشیارییەکی زمانیی دیاریکراومان هەبێت، بەڵکو پێویستە توانای پەیوەندیکردنی نێوان کلتورەکان و هۆشیاریی نێوان کلتورەکانیش گەشە پێبدەین (Cavalheiro, Lili et al., 2021: 81).

(Harding)پشتبەست بە کارەکانی پێشووی (Elder, Davies, Canagarajah)، کۆمەڵێک لێهاتوویی پێشنیازکرد، کە ڕەنگە خاڵی دەستپێک بۆ پەرەپێدانی (ELF) دابینبکات، کە هاوکات دەبێتە بنەمایەکی جیاوازیی نێوان ئاخێوەری بنەڕەت و نابنەڕەتیش (Harding, L. & McNamara, T.F. in J. Jenkins, M. J. Dewey, & W. Baker, 2018: 9):

1. توانای بەرگریکردن و تێگەیشتن لە جۆرە جیاوازەکانی ئینگلیزی: زار و شێوەزاری جیاواز، فۆڕمی جیاوازی ڕستەسازی، شێوازی گوتاری جیاواز، . ...
2. توانای دانوستاندن و ڕێکخستن و گونجاندنی واتای چەمکێك، کاتێک مەبەست و پەیامەکە ناڕوونە.
3. توانای بەکارهێنانی ئەو تایبەتمەندییە فۆنۆلۆژییانەی، کە بۆ تێگەیشتن لە سەرجەم ئاخێوەرە پاشخانجیاوازە نابنەڕەتەکاندا گرنگن.
4. ئاگابوون لە پراگماتیکی گونجاو، وەك ئاگابوون لە دارشتەی فۆڕمی بەرێزانە بەرانبەر بە ئاخێوەرانی کلتورجیاواز.
5. توانای تێگەیشتن و گەیشتن بە مەبەستی بەرانبەر، بەمەش ئاخێوەری (ELF) توانای پەیوەندیکردنی لەگەڵ زۆرترین ئاخێوەردا دەبێت.
6. توانای تێبینیکردن و چاککردنەوەی گرفتەکانی پەیوەندیکردن .

6/1 (ELF) (و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەخنە و گرفتەکان

سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی خێرای زمانی ئینگلیزی بە گشتی و لێکۆڵینەوەی (ELF)بە تایبەتی، سێ ڕوانگە و تێڕوانینی زمانەوانی و ڕامیاریی بەدوای خۆیدا هێناوە (Baker, Will, 2012: 125):

تێڕوانینی یەکەم ڕەخنە لە ئیمپریالیزمی زمانەوانی و لێکۆڵینەوەکانی هەمەچەشنیی زمانی گرتووە، هەندێك جار ئەو ڕەخنانە ئاراستەی توێژینەوەکانی(ELF) یش کراوە و وەک هەوڵێکی نەخشەدانان لێکدراوەتەوە، بۆ کۆدکردنی جۆرێکی نوێی ئینگلیزی و بڵاوبوونەوەی بە جیهاندا.

تێڕوانینی دووەم: بە پێچەوانەوە توێژینەوەکانی (ELF) وەک پارادایمێکی ئینگلیزیی نابنەڕەت دەبینێت، کە هەوڵی دژایەتیکردنی چەمکێکی دووبارەبووی ئینگلیزی ستاندارد/بنەڕەت دەدات.

تێڕوانینی سێیەم، کە (Seidlhofer) خستوویەتیەڕوو، هەردوو بۆچوونەکەی پێشوو ڕەتدەکاتەوە و پێیوایە توێژینەوەکانی (ELF) پشت بە جیاوازیی نێوان دابەشبوون و بڵاوبوونەوەی زمان دەبەستن، بۆ ئەوەی پیشانیبدەن، کە بڵاوبوونەوەی ئینگلیزی بە وڵاتانی جیهاندا، لەبەر ناچاری و پێویستی بووە. هاوکات گواستنەوەی خاوەندارێتیی زمانی ئینگلیزی لە ئاخێوەرانی بنەڕەتی زمانی ئینگلیزییەوە بۆ سەرجەم بەکارهێنەرانی تر، بە پێواژۆیەکی سروشتی و گونجاندنی گۆڕاوەکاندا ڕۆیشتووە. ئەمەش پێچەوانەی هەردوو بۆچوونەکەی سەرەوەیە، کە یەکەمیان ئینگلیزی وەک دابەشکراو دەبینێت، دووەمیشیان وەک کۆدێکی جێگیر و ستانداردی بەکرێگیراوی سەر ئاستی جیهان دەبینێت.(Baker, Will, 2012: 126)

یەکێك لەو ڕەخنانەی ئاراستەی مۆدێلی (ELF) کراوە، ئەوەیە، کە لە ڕووی سیاسییەوە وەک دەرئەنجامێکی پێشوازیلێکراوی جیهانگیری و نێودەوڵەتی ستایشدەکرێت. بەکارهێنانی خێرای زمانی ئینگلیزی وەک میدیای دامەزراوە باڵاکانی ئەورووپا هەستەکانی وروژاندووە، بۆ نموونە (Ehlich) پێیوایە کورتهەڵهێنانی زمانە ئەکادیمییەکان بۆ زمانی ئینگلیزی بە شێوەیەکی سەرەکی ڕەنگە بەهای پراکتیکی و پسپۆڕیی فراوانتری هەبێت، بەڵام جۆراوجۆریی زمانە ئەکادیمییەکان هەژاردەکات و دەبێتە هۆی لەدەستدانی ڕوونیی زانستی و ئەکادیمی لەناو زمانی ئەو کۆمەڵانەی، کە ئاخێوەری بنەڕەتیی ئینگلیزی نین. جگە لەوەش زیادبوونی بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی وەک زمانی پەروەردەیی ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی زمانە نیشتمانییەکان ئەم ئەرکە لەدەستبدەن. ئەمەش لە ڕووی ئەو پێگە و شکۆمەندییەی، کە کۆمەڵ بەم زمانانەی داوە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت، بۆیە مەترسییەکان لە زۆربەی لێکۆڵینەوە و بڵاوکراوەکانی ئەم دواییەدا زیاترڕەنگیداوەتەوە، بە ناڕاستەوخۆ "هەندێك جاریش بە شێوەی ڕاستەوخۆ" تیشکخراوەتەسەر ئەم لایەنە.(Smit, Ute, 2010: 61)

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی باسکرا، بە پێویستی دەزانین لە بەشی دووەمدا ڕۆڵ و پێگە و کاریگەریی زمانی ئینگلیزی لەسەر زمانی کوردی بخەینەبەر باس و لێکۆڵینەوە.

2 (پێگە و بەهای زمانی ئینگلیزی لای ئاخێوەرانی کورد

ئینگلیزی لە هەرێمی کوردستاندا، نە زمانی دووەمە، نە زمانێکی فەرمییە، بەڵکو بەگشتی وەک زمانێکی بیانی ناسراوە (لەم پێودانگەشەوە دەچێتە ناو بازنەی سێیەمەوە)، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا و لەگەڵ فراوانبوونی جیهانگیری و زیادبوونی خێرای ژمارەی ئینگلیزی-زمانەکان لە سەرانسەری جیهاندا، دۆخەکە لە ڕووی بەکارهێنانی زمانەوە گۆڕاوە، ئێستا زمانی ئینگلیزی یەکەم زمانی بیانییە، کە بە فەرمی لە ناوەندە پەروەردەییەکانی هەرێمی کوردستاندا دەوترێتەوە و بە ڕادەیەکی بەرچاو بایەخی پێدەدرێت و بەشێوەیەکی فەرمیش لە لایەن دەسەڵات و دامودەزگا میرییەکانەوە پشتگیریدەکرێت و هەوڵدەدرێت تەنانەت لەناو پەرتووکە

مەنهەجییەکانیشدا وەك زمانێکی سەرەکی جێگیرکرێت. لە زۆرێکی بەشە زانستییەکانی زانکۆکانیشدا بە زمانی ستانداردی ئینگلیزی دەخوێنرێت، ئەمە جگە لە چەندین ناوەندی پەروەردەیی وەك (باخچەی ساوایان، قوتابخانەی تایبەت، پەیمانگا و زانکۆی ناحکومی) بە زمانی ئینگلیزی کراوەتەوە و فێرخوازێکی زۆر ئارەزووی دەکەن و رووی تێدەکەن. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، (ELF)هیچ گرنگییەکی پێنەدراوە و تەنها جەخت لەسەر "ئینگلیزیی ستاندارد" کراوەتەوە، بەمەش زۆرینەی فێرخواز و مامۆستایان و بەکارهێنەرانی کوردزمان ئاشنایەتی و شارەزاییان لەبارەی چەمك و بنەما و بوارەکانی میتۆدەکە نییە و سوودیان لێ وەرنەگرتووە، بۆیە ئەم بەشە بۆ (زانینی رێژەی ئاشنایەتی و شارەزایی تاکی کورد بە زاراوەکە و وەرگرتنی راوبۆچوونیان لەسەر لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی) تەرخانکراوە، کە لە رێگەی ئەنجامدانی راپرسییەکی ئۆنلاینەوە ئەنجامدراوە.

1/2 (لایەنی کارەکی توێژینەوەکە

1-1/2 (وەرگرتنی زانیاریی سەرەتایی بەشداربووان

ژمارەی بەشداربووانی راپرسییەکە (135) بوو، زانیارییە سەرەتاییەکانی بەشداربووانیش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو :

1. لە رووی توخمەوە، ژمارەی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (61) نێر. (74) مێ، ئەمەش دەرئەنجامێکی زۆر باشە، کە رێژەی بەشداریکردنی هەردوو توخم لە یەکترەوە نزیکن.

2. لە رووی تەمەنەوە، ژمارەی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو :

- گرووپی تەمەنی (خوار 18 ساڵ): (1) بەشداربوو.
- گرووپی تەمەنی (18-24 ساڵ): (76) بەشداربوو.
- گرووپی تەمەنی (25-34 ساڵ): (25) بەشداربوو.
- گرووپی تەمەنی (35-44 ساڵ): (29) بەشداربوو.
- گرووپی تەمەنی (45-54 ساڵ): (2) بەشداربوو.
- گرووپی تەمەنی (55+ ساڵ): (2) بەشداربوو.

3. ئاستی خوێندنی بەشداربووان بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

- بنەڕەتی (1) بەشداربوو.
- ئامادەیی (10) بەشداربوو.
- بەکالۆریۆس (87) بەشداربوو.
- ماستەر (23) بەشداربوو.
- دکتۆرا (14) بەشداربوو.

سەبارەت بە خاڵی (2،3) وەك دەردەکەوێت، زۆرینەی بەشداربووان لە گرووپی گەنجان (18-24) و لە ئاستی خوێندنی بەکالۆریۆسدان.

4. زمانی سەرەکیی بەشداربووان (کوردی)یە، جگە لە (1) بەشداربوو نەبێت، ئەمەش وا دەردەکەوێت، کە بە هەڵە فۆرمەکەی پڕکردبێتەوە، چونکە بە روونی لە سەرەتای فۆرمەکەوە نووسراوە: "ئەم راپرسییە تەنها تایبەتە بەو بەرێزانەی، کە لە بنەڕەتدا (کوردزمان) و زمانی ئینگلیزیش دەزانن و بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ قسەکەرانی بنەڕەت "نەیتڤ سپیکەر" بەکاریدەهێنن."

5. لە وەڵامی پرسیاری (توانای زمانی ئینگلیزیت چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟)دا، بەشداربووان بەم شێوەیە وەڵامیان داوەتەوە:

- ئاستی سەرەتایی: (5) بەشداربوو.
- ئاستی ناوەند: (54) بەشداربوو.
- ئاستی پێشکەوتوو: (57) بەشداربوو.
- ئاستی پاراو/ نایاب: (19) بەشداربوو.

توانستی زمانی ئینگلیزیی بەشداربووان، وەك دەردەکەوێت، بە زۆری لە ئاستی "پێشکەتوو" و "ناوەندی" دایە، ئەمەش هاوکارمان دەبێت بۆ دۆزینەوەی گرفت و ئاریشەکانی پەیوەندیکردن و زانینی بەربەست و هۆکارەکانی "پچڕانی پەیوەندیکردن" و "تێنەگەیشتن."

6. لە وەڵامی پرسیاری (لە کوێ فێری ئینگلیزی بوویت؟ "دەتوانیت زیاتر لە وەڵامێك هەڵبژێریت")دا، بەشداربووان بەم شێوەیە وەڵامیان داوەتەوە:

- قوتابخانە و زانکۆ: (77) بەشداربوو.
- کۆرسی تایبەت: (34) بەشداربوو.
- کتێب و سەرچاوە نووسراوەکان: (52) بەشداربوو.
- خولی ئۆنلاین: (19) بەشداربوو.
- ژیان لە وڵاتێکی ئینگلیزی-زمان: (11) بەشداربوو.
- شوێن/ ناوەندی تر: (42) بەشداربوو.

لەبەرئەوەی بەشداربووان لە چینی خوێندەوارن و زۆرینەیان فێرخوازی بەکالۆریۆسن، بۆیە "قوتابخانە و زانکۆ" بە پلەی یەکەم و "کتێب و سەرچاوە نووسراوەکان" بە پلەی دووەم هۆکاری سەرەکیی فێربوونی بەشداربووانن، ئەمەش بۆ دەستخستنی ئەنجامێکی تری توێژینەوەکەمان هاوکاردەبێت، بەو پێیەی زمانی ئینگلیزیی ستاندارد تاکە بژاردەی ناوەندەکانی خوێندندن و سەرچاوە و کتێبەکانە، بۆیە زۆر ئاساییە، کە بەشداربووان شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەسەر زاراوەی (ELF) نەبێت و ئارەزووی فێربوونی بنەما و بەکارهێنانەکانی نەبن.

7. لە وەڵامی پرسیاری (کام لەم هۆکارانە وات لێدەکات ئینگلیزی فێربیت؟ "دەتوانیت زیاتر لە وەڵامێك هەڵبژێریت")دا، بەشداربووان بەم شێوەیە وەڵامیان داوەتەوە:

- پێویستی کار: (83) بەشداربوو.
- خوێندنی باڵا (بەکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا): (86) بەشداربوو.
- گەشتکردن: (39) بەشداربوو.

- پەیوەندیی نێودەوڵەتی: (20) بەشداربوو.
- ئارەزووی کەسی و تایبەتی: (106) بەشداربوو.

ڕەنگە ئارەزووی کەسی پاڵنەری سەرەکیی بەشداربووان بێت بۆئەوەی هەوڵی بەردەوامبوونی خوێندن (باڵا) و گەڕان بەدوای کاردا بدەن، کە دوو پێویستیی ئەمڕۆی هەر تاکێکە، بۆیە ڕێژەکان بەو شێوەیە تۆمارکراون.

2-1/2 (کاریگەرییەکانی (ELF) لەسەر شێوازی ئاخاوتن و گفتوگۆ

بەشی دووەمی ڕاپرسییەکە تایبەت بوو بە ئاراستەکردنی (17) پرسیار، لە بارەی کاریگەریی و پێگە و ڕۆڵی میتۆدی (ELF) بەراورد بە "زمانی ستانداردی ئینگلیزی" لەسەر کلتور و ڕادەی تێگەیشتن و شێوازی ئاخاوتنی تاکی کورد لە میانەی بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی لەگەڵ ئاخێوەرانی ئینگلیزی-زماندا بە گشتی و ئاخێوەری بنەڕەت (native speaker)بەتایبەتی، پرسیارەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە داڕێژرابوون:

1. تا چەند زانیاریت لەبارەی چەمك و بنەما و تایبەتمەندییەکانی (ELF) هەیە؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (زۆر: 17 بەشداربوو)، (تا ڕادەیەك: 39 بەشداربوو)، (کەمێك: 36 بەشداربوو)، (هیچ زانیارییەکم نییە: 43 بەشداربوو)، ئەمەش ئاماژەی ئەوەی تێدایە، کە ئاخێوەری کورد شارەزایی و ئاشنایی لەبارەی (ELF)ەوە لە ئاستێکی باشدا نییە، بۆیە دیسان دەگەڕێینەوە بۆ هۆکارەی، کە "پێشتر باسکرا" فێربوونی ئینگلیزی زیاتر لە ڕێگەی قوتابخانە و زمانی نووسینەوە بووە، هاوکات بۆ مەبەستێکی ئەکادیمی و برەودان بە خوێندن سوودی لێوەرگیراوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە فێرخوازان(ELF) یان فەرامۆش کردبێت، یان، بە گرنگ و شیاوی نەزانن، وەك لە وەڵامدانەوەی پرسیاری دووەمدا دەردەکەوێت.

2. لە نێوان (ELF) و (ئینگلیزیی ستاندارد)، کامیان بە گونجاوتر دەزانیت بۆ تاکێکی کورد، ئەگەر بیەوێت فێری زمانی ئینگلیزی ببێت؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (تەنها11 :(ELF) بەشداربوو، (تەنها ئینگلیزیی ستاندارد: 31 بەشداربوو)، (هەردووکیان باش و بێگرفتن: 93 بەشداربوو.(

ئەم ئەنجامە جێگەی سەرنج و کارلەسەرکردنە، چونکە بوار و بیانوو بۆ ناوەندەکانی فێربوونی زمانی ئینگلیزی ناهێڵێتەوە، کە وای لێکبدەنەوە (ELF) بۆ بەشداربووان نەگونجاو و پڕ گرفتە. لە لایەکی ترەوە بەکارهێنەران لەوە تێگەیشتوون، کە ئامانجی سەرەکیی زمان پەیوەندیکردن و لێکگەیشتنە "بە ئاسانترین شێوە"، بۆیە لە وەڵامی پرسیاری (3)دا بە ناڕاستەوخۆ بنەما و تایبەتمەندییەکانی (ELF) بە پەسەند و گونجاو دەزانن و پشتگیری دەکەن.

3. تا چەند پێت باشە ئامانجی بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی زیاتر پەیوەندیکردن بێت و چاوپۆشی لە یاسا و نۆرمە فۆنۆلۆجی و گرامەرییەکان بکرێت، بەو مەرجەی واتا تێکنەچێت؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (زۆر باشە: (31) بەشداربوو)، (باشە: (49) بەشداربوو)، (چاوپۆشییەکی کەم بکرێت: (51) بەشداربوو)، (نابێت هیچ چاوپۆشییەك بکرێت: (4) بەشداربوو). دوو لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی (ELF) چاوپۆشیکردنە لە (1) یاسا فۆنۆلۆجییەکان "بە دیاریکراوی گۆکردن" و (2) یاسا ڕێزمانییەکان، بەو مەرجەی واتا نەگۆڕن، یان تێکنەدەن. ئەنجامی ڕاپرسییەکە پشتگیرییەکی تەواوی بنەماکانی(ELF) ی تێدایە، هاوکات ڕەتکردنەوەی ناڕاستەوخۆی شێوازی فێرکردنی "ئینگلیزیی ستاندارد"ە، کە هیچ چاوپۆشییەکی هەڵەی زمانیی تێدا نییە، ئەگەرچی هەڵەکە گرفت بۆ تێگەیشتن و پچڕانی پەیوەندیکردن دروستنەکات. پرسیاری چوارەمیش دیسان تایبەتمەندیی و ئامانجێکی گرنگی (ELF) دەپێکێت و بۆچوونی زۆرینەی بەشداربووانی لەگەڵدایە، وەك لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.

4. ئێستا ژمارەی قسەکەرانی نابنەڕەت زۆر لە نەیتڤ سپیکەرەکان زیاترن، ئایا پێت وا نییە چیتر "زمانی ئینگلیزی" بە تەنها موڵکی ئینگلیز و ئەمریکییەکان نییە و پێویستە مۆرکی کلتوری و پراگماتیکی و ستایلی قسەکەرانی نابنەڕەتیش لەو زمانەدا ڕەنگبداتەوە؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (بەڵێ، کاتی ئەوە هاتووە: (60) بەشداربوو)، (بەڵێ، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێژەیی/ کەم: (60) بەشداربوو)، (نەخێر، هەرگیز نابێت ئەوە ڕووبدات: (15) بەشداربوو). بژاردەی (1) و (2) تایبەتمەندیی (ELF)ن، بژاردەی (3)یش لە تایبەتمەندییە دیارەکانی "ئینگلیزیی ستاندارد"ە. وەك دەردەکەوێت، تەنها (15) لە بەشداربووان ئەو تایبەتمەندییەی "ئینگلیزیی ستاندارد"یان بە پەسەند زانیوە، (120) بەشداربوو ئەو بۆچوونە ڕەتدەکەنەوە و پشتگیریی لە بنەماکانی (ELF) دەکەن، بەڵام وا دیارە بە کارەکی لە پێواژۆی فێرکردنی زماندا ئەزموونیان نەکردووە.

5. پێت وایە (ELF) تەنها بۆ گفتوگۆی ڕۆژانە بەسوودە؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (بەڵێ، بە تەواوی: (27) بەشداربوو)، (بەڵێ، تا ڕادەیەك: (70) بەشداربوو)، (نەخێر، بۆ بوار و لایەنەکانی تری وەك نووسینی ئەکادیمی و گوتاری فەرمی و پیشەیی و پەروەردەیی و ... بەسوودە: (38) بەشداربوو). لەم خاڵەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە بە لای بەشداربووانەوە (ELF) زیاتر بوار و پێواژۆی پەیوەندیکردن و گفتوگۆی ڕۆژانە ئاسان دەکات، هەرچەندە بۆ بوارەکانی تری پەیوەندیکردن ڕۆڵی ئەرێنی دەگێڕێت.

6. کام لەم کێشانە زیاتر ڕووبەڕووت دەبێتەوە و بەربەستێکی سەرەکییە لە گەیاندنی مەبەستەکانت بە ئینگلیزی؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (پرۆنانسیەیشن: (19) بەشداربوو) (گوێگرتن و تێگەیشتن: (16) بەشداربوو)، (نووسین: (12) بەشداربوو)، (ڕێزمان:

(13) بەشداربوو)، (وشە و دەستەواژە: (20) بەشداربوو)، (ئیدیەم و میتافۆر و دەربڕینە پراگماتیکییەکان: (55) بەشداربوو). وەك دەردەکەوێت، کێشە و بەربەستەکانی گەیاندنی پەیام و مەبەستەکان هەمەجۆرن، بەڵام کۆتابژاردە گرفتی زۆرینەی بەشداربووانە، ئەمەش گرفتێکی گشتیی ئەو ئاخێوەرانەیە، کە دەیانەوێت فێری زمانی دووەم ببن، تەنانەت هەندێك جار ئاخێوەری بنەڕەتی زمانەکەش ناتوانێت وەك پێویست لە چەمك و پەیامی هەندێك ئیدیەم و دەربڕاوی پراگماتیکی بگات. سەرجەم ئەو گرفتانەی لە بژاردەکاندا ئاماژەی پێکراوە، (ELF)وەك میتۆدێکی نێوەندگیر کاری لەسەر کردووە و هەوڵی خستنەڕووی چارەسەری پێویستی داوە.

7. تا چەند دەنگەکانی وەك /ث/ذ/ و گرفتەکانی تری پرۆنانسەیشن وای کردووە، کە بەرامبەرەکەت لێت تێنەگات؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (زۆر جار: (8) بەشداربوو)، (تا ڕادەیەك: (24) بەشداربوو)، (کەم جار: (45) بەشداربوو)، (هەرگیز: (58) بەشداربوو). ئامانجمانی ئەم پرسیارە، گەڕانە بەدوای ئەو تایبەتمەندییە فۆنۆلۆجی و فۆنەتیکییانەی، کە جیاوازیی دەخەنە ناو کردەی گۆکردن و دەربڕینەوە، هەرچەندە نەتەوە و نەژادە جیاوازەکان لەم لایەنەوە کێشە و گرفتی زۆریان تووشدەبێت (بە وێنە ئاخێوەرانی عەرەب و فارس، کاتێك دەیانەوێت فێری زمانی ئینگلیزیی ببن)، لە لایەکی ترەوە "گۆکردن" لە زمانی ئینگلیزیدا جۆرێك لە گرفت بۆ ئاخێوەرانی بنەڕەت خۆشیان دروستدەکات، بەڵام تاکی کورد بەراورد بە ئاخێوەرانی تری نابنەڕەت، تا ڕادەیەکی باش ئەو گرفتانەی تێپەڕاندووە.

8. تا چەند هەست بەوە دەکەیت، ڕێژەی بەشداریکردن و قسەکردنت زیاترە لە ڕێژەی قسەکرنی نەیتڤ سپیکەر، بۆ نموونە بابەتێك بە سێ دێڕ ڕوونبکەیتەوە، هەمان بابەت ئەو بە دێڕێك دەریببڕێت.

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (زۆر جار ئەوە ڕوویداوە: (22) بەشداربوو)، (تا ڕادەیەك وایە: (58) بەشداربوو)، (کەم جار ئەوە ڕوویداوە: (45) بەشداربوو)، (هەرگیز وا نییە: (4) بەشداربوو)، (پێچەوانەکەی ڕاستە: (6) بەشداربوو). زۆر جار کلتوری ئاخێوەر ڕێژە و ڕادەی (زۆربڵێیی، کەمدوویی) دیاریدەکات و بڕیاری لەسەر دەدات، بۆیە لە کلتوری هەندێك نەژاددا "زۆربڵێیی" باو و پەسەندە و بە گشتی لە ئاخاوتندا زیاتر لە پێویستیی گوێگر دەوترێت، هەندێك نەژادی تریش بە پێچەوانەوە "کەمدویی" وەکو یاسایەکی کلتوریی ئاخاوتن پەیڕەودەکرێت و کەم جار ئەو پێوەرە دەشکێنرێت. جۆری سێیەمیش ئەو نەژادانە دەگرێتەوە، کە هاوسەنگیی نێوان دوو کلتوری پێشوویان ڕاگرتووە. ڕەنگە کلتوری کوردی لە جۆری سێیەم بێت. ئەگەر وەڵامی پرسیاری (8)ی ڕاپرسییەکە بە نموونە وەربگرین، دەبینین تەنها (10) لە بەشداربووان بژاردەی (4، 5)یان بە ڕاست زانیوە، لە بەرانبەردا (125) بەشداربوو "بە شێوەیەکی ڕێژەیی - (بڕوانە بژاردەی 1، 2، 3)" دانییان بەوەدا ناوە، کە ڕێژەی بەشداریکردن و ئاخاوتنی تاکی کورد لە ڕێژەی ئاخاوتنی ئاخێوەری بنەڕەت زیاترە. ئەمەش ڕەنگدانەوەی کلتوری ئاخێوەرە لە بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزیدا، کە (ELF) زۆر جەختی لەسەر دەکاتەوە.

9. تا چەند مۆرکی نەتەوەیی و کلتوریت لە ئاخاوتنەکانتدا ڕەنگدانەوەی هەبووە و زانراوە، کە نەیتڤ سپیکەر نیت؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (زۆر جار: (45) بەشداربوو)، (تا ڕادەیەك: (44) بەشداربوو)، (کەمێك: (34) بەشداربوو)، (هیچ کات بەوە نەناسراومەتەوە: (9) بەشداربوو)، (بە پێچەوانەوە، وا دەزانن نەیتڤ سپیکەرم: (3) بەشداربوو).

10. هەر پەیوەست بە خاڵی پێشوو، زیاتر بە هۆی کام لایەنی قسەکردنەوە دەناسرێیتەوە، کە نەیتڤ سپیکەر نیت؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (پرۆنانسیەیشن: (45) بەشداربوو)، (گرامەر: (14) بەشداربوو)، (جیاوازیی کلتوری قسەکردن: (27) بەشداربوو)، (ئیدیەم و میتافۆر و دەستەواژە پراگماتیکییەکان: (23) بەشداربوو)، (هی تر: (16) بەشداربوو)، (بە پێچەوانەوە، هەرگیز ناناسرێمەوە: (10) بەشداربوو).

سەبارەت بە پرسیارەکانی خاڵی (9، 10)، کە ئامانج تێیدا زانینی ڕێژەی ڕەنگدانەوەی مۆرکی نەتەوەیی و کلتوریی تاکی کوردە، لە پێواژۆی پەیوەندیکردنیدا بە ئاخێوەرانی بنەڕەتی زمانی ئینگلیزییەوە، بەپێی خاڵی (9)ی ڕاپرسییەکە، تەنها (12) بەشداربوو (بڕوانە بژاردەی 5، 6) پێیان وایە هیچ مۆرکێکی نەتەوەیی و کلتوری (کوردی) بە ئاخاوتنەکانیانەوە بەدیناکرێت، کە لە ئاخێوەری بنەڕەتیان جیابکاتەوە، لە بەرانبەردا (123) بەشداربوو بە شێوەیەکی ڕێژەیی (بڕوانە بژاردەی 1، 2، 3) دان بە بوونی جیاوازیی کلتوریی نێوان خۆیان و ئاخێوەرانی بنەڕەتدا دەنێن. خاڵی (10)یش جەخت لەسەر هەمان بابەت دەکاتەوە و تەنها (10) بەشداربوو (بڕوانە دوا بژاردە) وای دەبینن هیچ جیاوازی و مۆرکێکی نەتەوەیی و کلتوری خاڵی جیاکەرەوەی نێوان خۆیان و ئاخێوەرانی بنەڕەت نییە.

11. تا چەند هەست بەوە دەکەیت، کە ڕێژەی دەربڕینی فۆرمەکانی تایبەت بە ڕێزگرتن و دەستەواژەی ڕێزدارانە (بۆ نموونە لە سڵاو و چاك و چۆنی و بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا)، بەراورد بە نەیتڤ سپیکەرەکان، زیاتر بەکاردەهێنیت؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (بەڵێ، زۆر: (36) بەشداربوو)، (تا ڕادەیەك: (72) بەشداربوو)، (کەم: (16) بەشداربوو)، (هەست بە جیاوازی ناکەم: (10) بەشداربوو)، (بە پێچەوانەوە، ئەوان زیاتر فۆرمی ڕێزدارانە بەکاردەهێنن: (1) بەشداربوو).

کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی، کە زۆرترین فۆرمی (جێخۆشکردن، سڵاوکردن و خواحافیزی، ڕێزدارانە) لە پێواژۆی پەیوەندیکردندا بەکاردەهێنێت، هەریەك لە دەربڕینەکان چەندین جار "بێ دەستکاری و بە دەستکارییەوە" دووبارەدەکاتەوە، بە

وێنە لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، پێش داخستنی پەیوەندییەکە چەندین جار دەستەواژەکانی وەك: (خوات لەگەڵ، خوا حافیز، ...) دووبارەدەکرێتەوە، لە بەرانبەردا کلتوری ئینگلیزەکان بۆ هەمان بارودۆخ، زۆر جار تەنها وشەی (bye) لە کۆتایی ئاخاوتنەکانیاندا "وەك بڕینەوەی ئاخاوتن" دەڵێن، پاش ئەو دەبڕینە هیچ وشە و دەستەواژەیەکی تر بە پەسەند نازانرێت و تەنها یەك جاریش دەوترێت. ئەگەر لەم سۆنگەیەوە لە ئەنجامی ڕاپرسیی ژمارە (11) بڕوانین، دەبینین ئەو دیاردە کلتورییە پشتڕاستکراوەتەوە، بەوەی لە کۆی (135) بەشداربوو، (124)بەشداربوویان بە شێوەیەکی ڕێژەیی (بڕوانە بژاردەی 1، 2، 3) هەست بەو جیاوازییە کلتورییە دەکەن، تەنها (11) بەشداربوو ئەو دیاردەیە ڕەتدەکەنەوە، ئەمەش ڕەنگە لەو ئاخێوەرانە بن، کە ئاشنایەتی و شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ کلتوری ئاخێوەری بنەڕەتدا نییە، ئەمەش دیسان یەکێکە لەو پرسانەی، کە (ELF) بایەخێکی زۆری پێداوە و کۆمەڵێك ستراتیژی بۆ چارەسەرکردنی دیاردەکە لە میانەی پەیوەندیکردندا خستووەتەڕوو.

12. چەند گرنگە بۆت کە ئینگلیزییەکەت بێ هەڵە بێت؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (زۆر گرنگە: (98) بەشداربوو)، (گرنگە: (24) بەشداربوو)، (زۆر گرنگ نییە: (8) بەشداربوو)، (تەنها گەیاندنی پەیام گرنگە: (5) بەشداربوو).

وەك پێشتر باسکرا، ئامانجی سەرەکیی فێربوونی زمانی ئینگلیزی لە لایەن تاکی کوردەوە زیاتر لایەنی پیشەیی و ئەکادیمییە (بڕوانە خاڵی 7 لە 2-1-1)، کە پێویستیان بە زمانی ستانداردی ئینگلیزی هەیە و ناوەندەکانی فێرکردنیش تەنها گرنگی بەو میتۆدە دەدەن، بۆیە بەشداربووان فێربوونی ئینگلیزییەکی بێ کەموکورتی و بێ هەڵەی زمانی بە پێویست دەزانن.

13. تا ئێستا لە کاتی بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزیدا بەهۆی جیاوازی کولتوورییەوە تووشی هەڵە تێگەیشتن بوویت؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (بەڵێ، زۆر جار: (20) بەشداربوو)، (بەڵێ، ناوبەناو: (57) بەشداربوو)، (نەخێر، بە دەگمەن: (43) بەشداربوو)، (نەخێر، هەرگیز: (15) بەشداربوو).

جیاوازیی کلتوری یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی) هەڵەتێگەیشتن - (misunderstandingو) تێنەگەیشتن(nonunderstanding - ، کە (ELF) بایەخێکی تەواوی پێداوە و ڕێگەچارەی پێویستی خستووەتەڕوو.

14. ئایا شێوازی قسەکردنت دەگونجێنیت (بۆ نموونە سادەکردنەوەی زمان، دوورکەوتنەوە لە ئیدیۆمەکان) لە کاتی پەیوەندیکردن لەگەڵ ئاخێوەرانی نابنەڕەتدا؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (بەڵێ، هەمیشە: (39) بەشداربوو)، (بەڵێ، هەندێك جار: (82) بەشداربوو)، (نەخێر، بە دەگمەن: (10) بەشداربوو)، (نەخێر، هەرگیز: (4) بەشداربوو).

وەك دەردەکەوێت، زۆرینەی بەشداربووان (واتە 121 بەشداربوو) بژاردەی (1، 2)یان پەسەندکردووە، کە سادەکردنەوەی زمان لەگەڵ ئاخێوەرانی نابنەڕەتدا بە پێویست دەزانن، لە پێناو بەردەوامبوونی پێواژۆی پەیوەندیکردن و فەرامۆشکردنی ئەو لایەنانەی، کە کار لە گۆڕین و تێکچوونی واتادا ناکەن، ئەمەش دەقاودەق پەیڕەوکردنی ئەو ئامانجانەیە، کە لێکۆڵینەوەکانی (ELF) بەدەستیان هێناوە و لە چەندین توێژینەوەی زانستیدا ڕێکار و بنەماکانی بۆ دارێژراوە.

15. کام لەمانەی خوارەوە زیاتر پەیوەندیکردنی نێوان قسەکەرانی نابنەڕەت باشتر دەکات؟ (دەتوانیت زیاتر لە وەڵامێك هەڵبژێریت)

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (زار و لەهجە جیاوازەکان: (45) بەشداربوو)، (باشترکردنی وشەسازی و ڕێزمان: (68) بەشداربوو)، (هۆشیاریی زیاتر لە جیاوازییە کلتورییەکان: (51) بەشداربوو)، (زیاتر پراکتیزەکردن لە دۆخەکانی ژیانی ڕاستەقینەدا: (87) بەشداربوو).

سەرکەوتنی پەیوەندیکردنی نێوان ئاخێوەرانی نابنەڕەت بە شێوەیەکی گشتی پێویستی بە هەریەك لەو بژاردانە هەیە، کە خستوومانەتەڕوو، بۆیە دەبینین هەریەك لە بژاردەکان بە ڕادەیەکی بەرچاو پەسەندکراوە، بەڵام کۆی بژاردەکانی (1، 2، 3) لە ڕێگەی بەکارهێنانی زیاتری زمانی ئینگلیزییەوە، دەکرێت برەوی پێبدرێت و پێشبخرێت، بە شێوەیەك، کە گرفتەکانی پەیوەندیکردن تا ڕادەیەکی گونجاو چارەسەربکات، بۆیە زۆرترین بەشداربوو بژاردەی (4)ی پەسەندکردووە.

16. کام لەم خاڵانە لە بەکارهێنانی ئینگلیزیدا زیاتر بۆت گرنگە؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (خێرایی پەیوەندیکردن: (12) بەشداربوو)، (ڕوونی پەیام: (56) بەشداربوو)، (ڕێزمانی دروست: (9) بەشداربوو)، (پرۆنانسیەیشنی باش: (26) بەشداربوو)، (دەوڵەمەندیی وشە و زاراوەکان: (32) بەشداربوو).

وەك لە پرسیارەکانی پێشوودا (بڕوانە خاڵی 14، 15) خرایەڕوو، لە گرنگترین بنەماکانی (ELF)ڕەخساندنی پێواژۆیەکی دروستی پەیوەندیکردنە، بە جۆرێك، کە پەیامەکان ڕوون بن و مەبەستی ئاخێوەر بگەیەنن، ئەگەرچی لادانی ڕێژەیی لە یاسا فۆنۆلۆجی و ڕێزمانییەکانیشدا ڕوودبدات. پەسەندکردنی بژاردەی (2) لە لایەن زۆرینەوە (56 بەشداربوو)، ئەو بنەمایە دووپاتدەکەنەوە و ناڕاستەوخۆ پشتگیریی بنەماکانی (ELF) دەکەن، هەرچەندە ئەمە پێچەوانەی بژاردەکانی تر نییە، بەڵکو هەموویان یەکتر تەواودەکەن.

17. پێت وایە قسەکەری بنەڕەت پێویستە ئینگلیزیی خۆیان بگونجێنن، کاتێک قسە لەگەڵ قسەکەرانی نابنەڕەتدا دەکەن؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (بەڵێ، هەمیشە: (52) بەشداربوو)، (بەڵێ، هەندێك جار: (69) بەشداربوو)، (نەخێر، بە دەگمەن: (10) بەشداربوو)، (نەخێر، هەرگیز: (4) بەشداربوو).

ئەم پرسیارە هاوشێوەی پرسیاری (خاڵی 14)یە، تەنها ئەوە نەبێت، کە لێرەدا تەوەری باسەکە "ئاخێوەری بنەڕەتە"، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر ئەنجامەکان لە یەکترەوە نزیکن و ئاماژە بەوە دەکەن، کە بەشداربووان پێیان باشە (بڕوانە بژاردەی 1، 2) ئاخێوەرانی بنەڕەت و نابنەڕەتیش لەکاتی ئاخاوتنیان لەگەڵ ئاخێوەرانی تری نابنەڕەتدا گونجاندن و سادەکردنەوەی زمان بۆ ڕاییکردنی پێواژۆی پەیوەندیکردن بەکاربهێنن .

جێی ئاماژەپێکردنە لە هەردوو خاڵی (14، 17)دا (121 بەشداربوو) بژاردەی (1) و (2)یان پەسەندکردووە و تەنها (14) بەشداربوو لەگەڵ ئەوەدان، کە خۆگونجاندن و ئاسانکاریی لە نێوان ئاخێوەرانی بنەڕەت و نابنەڕەتدا ڕوونەدات .

3-1/2 (بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی و کاریگەریی لەسەر زمانی کوردی

ئەم تەوەرە بە (2) پرسیار کۆتایی دێت و وەك دەرئەنجامێکی توێژینەوەکە، پرسی بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی و مەترسییەکانی بۆ سەر زمانی کوردی دەخاتەڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. لە ڕووی سیاسەتی زمانییەوە (یان ئیمپریالیزمی زمانی)، ئایا بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی بە جیهاندا کاریگەریی لەسەر کەمکردنەوەی بەها و ڕۆڵی "زمانی دایك/کوردی" دەبێت لە بواری "خوێندن و پەروەردە و ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (بەڵێ، کاریگەریی نەرێنیی زۆری هەیە: (35) بەشداربوو)، (بەڵێ، تا ڕادەیەك کاریگەریی نەرێنیی هەیە: (67) بەشداربوو)، (بەڵێ، بەڵام کاریگەریی کەمە: (22) بەشداربوو)، (نەخێر، هیچ کاریگەرییەکی نییە: (11) بەشداربوو).

ئێستا زۆرینەی زمانە جیهانییەکانیش بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ پرسی زمان و پلانی زمانیدا دەکەن و لە هەمبەر بڵاوبوونەوەی ئینگلیزی "وەك زمانی زانست و تەکنەلۆژیا" هەوڵی پاراستنی زمانی نەتەوەیی و نیشتیمانیی وڵاتیان دەدەن. بۆیە هۆشیاریی بەشداربووان لە جێی خۆیەتی، کە پێیانوایە زمانی ئینگلیزی کاریگەریی نەرێنی (بە شێوەیەکی ڕێژەیی) لەسەر کەمکردنەوەی بەها و ڕۆڵ و پێگەی زمانی کوردی لە هەموو بوارەکاندا دەبێت، ئەگەر بژاردەکانی (1، 2، 3) کۆبکەینەوە، دەردەکەوێت، کە (124) بەشداربوو هاوڕان لەسەر بوونی ئەو کاریگەرییە نەرێنییە. لێرەشەوە ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات، کە زمانی کوردی تا چەند ئامادەیی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی و ئاڵنگارییەکانی ئێستای هەیە؟ ئەم پرسە لە خاڵی دووەمدا تاوتوێدەکرێت.

2. ئایا زمانی کوردی توانای پارێزگاریی و بەرەنگاربوونەوە و ڕاوەستانی بەرامبەر بە بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی هەیە، بە جۆرێك لە داهاتوودا تووشی لەناوچوون یان لاوازبوون نەبێتەوە؟

- وەڵامی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو: (بەڵێ، زمانی کوردی ئەو توانایەی هەیە: (44) بەشداربوو)، (بەڵێ، تا ڕادەیەك ئەو توانایەی هەیە: (56) بەشداربوو)، (بەڵێ، بەڵام تاکو ماوەیەکی کەم دەتوانێت خۆڕاگر بێت: (22) بەشداربوو)، (نەخێر، هەرگیز ئەو توانایەی نییە: (13) بەشداربوو). ڕاپرسییەکە ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئاخێوەرانی کوردی ئینگلیزی-زان، بە گشتی متمانەیان بە بەهێزی و توانای زمانی کوردییان لە ڕووبەڕووبوونەی ئاڵنگارییەکاندا هەیە، ڕەنگە هەر ئەمەش هۆکار بێت بۆ بەکارهێنان و خواستنی ژمارەیەکی زۆر وشە و زاراوەی ئینگلیزی و فەرامۆشکردنی وشە و دەربڕینە کوردییەکان، کە لە ئەنجامدا و بە تێپەڕبوونی کات کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم ئایدۆلۆجیایە لەسەر بەها و پێگەی زمانی کوردی دەردەکەوێت.

ئەو بۆچوون و ڕاسپاردەیەی بەشداربووان بۆ هەر زمانێك ڕاستە، بە مەرجێك لە ڕێگەی سیاسەت و پلانی زمانییەوە خزمەتبکرێت و لە سەرجەم بوارە فەرمی و نافەرمییەکانی وەك (پەروەردە، فەرمانگە میرییەکان، ڕاگەیاندن، زانست و تەکنەلۆژیا، ...) بەکاربهێنرێت و پێشبخرێت، ئەوکات دەتوانێت بەرەنگاری هەر مەترسییەك ببێتەوە و بەها و پێگەی خۆی بپارێزێت و ڕۆڵی سەرەکیی خۆی بگێڕێت. ئەگەر زمانی کوردیش بەو هەنگاوانەدا تێبپەڕێنرێت و برەوی پێبدرێت، ئەوا وەڵامی پرسیاری (2) هاوشێوەی بۆچوونی زۆرینەی بەشداربووان (بڕوانە بژاردەی 1، 2) ئەرێنی دەبێت، کە بەڵێ زمانی کوردی وەك هەر زمانێکی تری جیهان دەتوانێت ڕووبەڕووی مەترسیی زمانە بەهێزەکان بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی ببێتەوە.

## ئەنجامەکان

پوختەی ئەنجامەکان لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

1. ئینگلیزی وەك زمانێکی هاوبەش (ELF) میتۆدێکی جیهانییە، گرنگیی بە مۆرکی نەتەوەیی و کلتوریی ئاخێوەرانی نابەنەڕەت دەدات و لە زمانی هاوبەشی ئینگلیزیدا جێگەی دەکاتەوە، ئێمەی کوردیش دەتوانین سوود لەو میتۆدە وەربگرین و لە ناوەندەکانی فێرکردنی زماندا پەیڕەویبکەین، ئەنجامی ڕاپرسییەکانی ئەم توێژینەوەیەش ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە، کە میتۆدەکە بایەخی تایبەتی بە ڕێکاکانی فێربوون دەدات و هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکانی پەیوەندیکردن دەدات.

2. جیاوازییە کلتورییەکان و کلتوری ئاخاوتن لە هۆکارەکانی دروستبوونی هەڵەتێگەیشتن و تێنەگەیشتنن، پشتبەست بە ڕاپرسیی بەشداربووان، ئەم لایەنە وەك خاڵی جیاوازیی نێوان ئاخێوەری بنەڕەت و نابنەڕەت "کورد" دەردەکەوێت.

3. ئەنجامی ڕاپرسییەکە هەردوو گریمانەی توێژینەوەکەی پشتڕاستکردەوە:

- هەرچەندە تاکی کورد وەك پێویست شارەزایی لەبارەی بنەما و تایبەتمەندییەکانی (ELF)نییە، بەڵام تا ڕادەیەکی باش لە پێواژۆی پەیوەندیکردندا بە شێوەیەکی کارەکی پەیڕەوی لێدەکەن.
- هەردوو میتۆدی فێربوونی زمانی ئینگلیزیی ستاندارد و (ELF) بە لای ئاخێوەرانی کوردزمانەوە پەسەند و گونجاون، بەڵام بەپێی بواری بەکارهێنان، ڕێژەی پەسەندکردنی هەریەکەیان کەم و زیاد دەکات.

4. کوردانی بەکارهێنەری ئینگلیزی پێیانوایە بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی کاریگەریی نەرێنی لەسەر کەمکردنەوەی بەها و ڕۆڵی زمانی کوردی هەیە، بەڵام زمانی کوردیش توانای ڕووبەڕووبونەوەی مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی هەیە و تا ڕادەیەك دەتوانێت لە بەرانبەریدا خۆی ڕابگرێت.

## سەرچاوەکان:

1 (بە زمانی کوردی:

ا) نامەی ئەکادیمی:

احمد، محمد حسین، 2023، بەشداریی نەخشەی زمانیی تاك لە ڕێککەوتنی زمانییدا بەشدارییە زمانییە ئەلیکترۆنییەکان بە نموونە، تێزی دکتۆرا، کۆلێجی زمان- زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

بە زمانی ئینگلیزی:

Baker, Will, 2012, Understanding English as a Lingua Franca by B. Seidlhofer, International Journal of Applied Linguistics Vol. 22, No. 1, pp (124-128).

Cavalheiro, Lili et al., 2021, The Handbook to English as a Lingua Franca Practices for Inclusive Multilingual Classrooms, Printing: Papelmunde 1st edition.

Çetinkaya, Yeşim Bektaş, 2020, Intercultural Competence in ELT Raising Awareness in Classrooms, Bibliographic Information published by the Deutsche Nationalbibliothek, Peter Lang GmbH - Berlin.

Flognfeldt, M. E. (2022). Developing awareness of ELF in English language education. In M. Dypedahl (Ed.), Moving English language teaching forward, License: CC BY-NC-ND 4.0, Ch. 6, pp. (117–139).

Hülmbauer, Cornelia, Böhringer, Heike and Seidlhofer, Barbara, 2008, Introducing English as a lingua franca (ELF): Precursor and partner in intercultural communication, Synergies Europe n° 3 - 2008 pp. 25-36.

J. Jenkins, M. J. Dewey, & W. Baker, 2018, Routledge Handbook of English as a Lingua Franca. Routledge.

mairi, salam, 2016, an English as a lingua franca (ELF) perspective in Asian English language teaching (ELT), fourth international seminar on English language and teaching (ISELT-4) Padang, Indonesia, may 11-12, 2016, vol 4, no 1, Chinese journal of applied linguistics, p. 283-293.

Smit, Ute, 2010, Conceptualising English as a lingua franca (ELF) as a tertiary classroom language, Stellenbosch Papers in Linguistics, Vol. 39, 2010, 59-74.

Taglialatela, Antonio & Tardi, Giulia, 2020, ELF pedagogy and awareness: an action research applied to Italian tertiary students in ELF Skype interactions, published by Firenze University Press, pp 313-334